# ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی

# PAO

بڵاوکراوەی مانگانەی ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی گرنگترین چالاکی و دەستکەوتەکان لە مانگی ی ئابی

1. جان، هاوبەشیداری و خەونە هاوبەشەکان: PAO کۆتایی بە میهرەجانی گەنجانی خۆبەخش ٢٠٢٦ دێنێت
2. لە بەسرەوە بۆ ذی قار: بەشداریی کۆمەڵایەتی لەژێر وردبینیدا لە چوار پارێزگادا
3. "پەروەردەی سەوز" سێ سەکۆی خۆبەخشی لە بەسرە، ئەنبار و نەینەوا دادەمەزرێنێت
4. تەندروستی مافێکە بە زەوتکردنی ئازادی لەدەست ناچێت: خۆبەخشەکانمان لە باو دوو هەڵمەت لە سلێمانی و موسەننا دەکەن



ژمارە٣٣

# گەنجان ، هاوبەشیداری و خەونە هاوبەشەکان: PAO کۆتایی بە میهرەجانی گەنجانی خۆبەخش ٢٠٢٦ دێنێت




لە شەقڵاوە، لە نێوان ١٢ بۆ ١٤ی ئابی ٢٠٢٦، ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی ڕێگەی مەکتەبی دەستپێشخەریەکان و کاری خۆبەخشییەوە، چالاکییەکانی میهرەجانی گەنجانی خۆبەخشی ٢٠٢٦ی کۆتایی پێهێنا، کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی گەنجان (١٢ی ئاب) و لەژێر دروشمی "گەنجان، هاوبەشیداری و خەونە هاوبەشەکان" ساز کرابوو.

میهرەجانەکە کۆمەڵێك کوڕ و کچی خۆبەخشی لە ١٥ پارێزگای عێراقەوە (بە هەرێمی کوردستانیشەوە) لە چوارچێوەی بەرنامەیەکدا کۆکردەوە کە تایبەت بۆ گەنجان داڕێژرابوو؛ تا ببێتە فەزایەك بۆ فێربوون، دەربڕین و تۆڕسازی. ئەم بەرنامەیە لە حەز، خولیا و ئاواتەکانی گەنجانەوە سەرچاوەی گرتبوو و لەگەڵ ئاراستەی جیهانیی ڕۆژی گەنجاندا تەبا بوو. ئەم جۆراوجۆرییە جوگرافییە هەروا ڕێکەوت و وردەکارییەکی تێپەڕ نەبوو، بەڵکو ڕەنگدانەوەی مافی گەنجان بوو —بەهەموو پاشخانە جوگرافی و کەلتوورییە جیاوازەکانیانەوە— لە دروستکردنی فەزایەکی هاوبەشدا کە پارێزگاری لە دەنگیان بکات و دان بە ئەزموونە جیاوازەکانیاندا بنێت.

لە ڕێگەی چالاکییەکانی فێربوونی نارەسمی و کاری کارتێکەرانەوە (تفاعلی)، بەشداربووان وێنەکێشان و دەربڕینی بادەییان (ڕوانین) وەك ئامرازێك بەکارهێنا بۆ دیاریکردنی ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، کاریان کرد بۆ گۆڕینی بیرۆکە و مەترسییەکانیان بۆ تێڕوانین و چارەسەری گونجاو بۆ گفتوگۆ و جێبەجێکردن. ئەم ئامرازانە تەنها ڕێگەیەکی پەروەردەیی نەبوون، بەڵکو پیادەکردنی کردەیی مافی گەنجان بوون لە بەشداریی کاریگەرانە بۆ دروستکردنی ئەو چارەسەرانەی پەیوەستن بە واقیع و داهاتوویانەوە، نەك تەنها کۆنتۆکردن بە ڕۆڵی وەرگر.



فێستیڤاڵەکە تەنیا لە ڕەهەندە پەروەردەییەکەیەوە نەوەستابوو، بەڵکو دەرفەتێک بوو بۆ یەکترناسین، دروستکردنی پەیوەندی، و گەڕان بەناو سروشت و شارەکان و سەروەت و سامانەکانیاندا. ئەمەش لە ڕێگەی ئەزموونێکەوە کە فێربوون، کات بەسەربردنی خۆش، و کارکردنی بەکۆمەڵی لەخۆدەگرت، وە هەستی ئینتیما و هاوکاریی لەنێوان گەنجانی بەشداربوودا بەهێزتر کرد. هەروەها فێستیڤاڵەکە دەرفەتێکی گرنگی ڕەخساند بۆ تۆڕبەستن (پەیوەندی دروستکردن) لەنێوان گەنجان و تۆڕ و دامەزراوە هاوبەش و پشتیوانەکانی ڕێڕەوی گەشەپێدانی گەنجان، کە بەمەش ئاسۆی نوێی بۆ هاوکاری و ئاڵوگۆڕی ئەزموونەکان کردەوە، بەجۆرێک کە بەردەوامیی کاری بەکۆمەڵ لەدوای کۆتاییهاتنی چالاکییەکانی فێستیڤاڵەکەش مسۆگەر بکات.

“

لە شەقڵاوەوە، ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللي (PAO) دووبارە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە وەبەرهێنان لە گەنجاندا چالاکییەکی وەرزی نییە، بەڵکو پابەندبوونێکی بەردەوامە بە مافی ئەوان لە فێربوون، دەربڕین، و بەشداریکردن. هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە خەونە هاوبەشەکانی ئەوان، کاتێک دەرفەت و بوارە گونجاوەکەیان پێدەدرێت، توانای ئەوەیان هەیە ببەخشرێنە وزەیەکی ڕاستەقینە بۆ گۆڕانکاری.

# له بەسرەوە بۆ ذی قار: بەشداریی کۆمەڵایەتی لەژێر وردبینیدا لە چوار پارێزگادا

لە مانگی ئابدا، ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی لەسەر چوار بەرەی جیاواز و بە هەمان پرسیار دەستی بە جووڵە کرد: چۆن هاووڵاتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبنە شەریکی ڕاستەقینە لە بڕیاردا، نەک تەنها ئامادەبوونی فۆڕماتە و پەراوێزخراین؟ ئەم پرسیارە کرۆکی زنجیرەیەک کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی بوو کە لە چوارچێوەی پرۆژەی "باشترکردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ و بەهێزکردنی بەشداریی دیموکراتی"دا ڕێکخرابوون.

لە بەسرە، ئەنجومەنی پارێزگا بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەندامی ئەنجومەن و سەرۆکی لیژنەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠ی ئابی ٢٠٢٦، پێشوازی لە کۆبوونەوەیەک کرد بۆ خستنەڕوو و تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر بەشداریی کۆمەڵایەتی لە عێراق. کۆبوونەوەکە نوێنەرانی دامەزراوە حکومی و ناوخۆییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، گرووپە خۆبەخشەکان و نوێنەرانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتی کۆکردەوە؛ بە مەبەستی تاوتوێکردنی ئەو ئاستەنگانەی بەشداریی کارای هاووڵاتییان کەم دەکەنەوە، وە دیاریکردنی کارە لەپێشینەکان بۆ قۆناغی داهاتوو.

لە بەغدا، ڕێکخراوەکە ڕۆژی چوارشەممە ٢٦ی ئابی ٢٠٢٦، ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی خستە ڕوو کە تیشکی دەخستە سەر ئاستەنگە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی بەردەم ژنان، گەنجان و توێژە پەراوێزخراوەکان لە عێراق، و کاریگەریی ئەم ڕێگرییانە لەسەر دەستڕاگەیشتنیان بە ماف، سەرچاوە و فەزاکانی بڕیاردان. لە کۆبوونەوەکەدا نوێنەرانی لایەنە حکومییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کەرتی تایبەت و کەسایەتییە کاراکانی بواری کۆمەڵایەتی ئامادە بوون.

لە سلێمانی، جووڵەکە شێوازێکی دامەزراوەیی و ئامادەکاریی وەرگرت؛ بەڕێوەبەری نوسینگەی ڕێکخراوەکە لە سلێمانی، بەڕێز ئاواری جەلال، سەردانی پارێزگاری سلێمانی بەڕێز هەڤاڵ ئەبو بەکری کرد بۆ تاوتوێکردنی ڕێگەکان بۆ بەهێزکردنی هەماهەنگی، وەک ئامادەکارییەک بۆ ڕاگەیاندنی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڕەوشی گەنجان، ژنان و توێژە پەراوێزخراوەکان. لە لایەن خۆیەوە پارێزگار پاڵپشتی خۆی بۆ ڕێکخراوەکە و ئامادەیی بۆ بەشداری لە چالاکییەکانیدا دووپاتکردەوە، و ڕێکخراوەکەش ئاماژەی بە گرنگی بەردەوامیی ئەم هاوکارییە کرد بۆ خزمەتکردنی ئامانجەکانی پرۆژەکە.

لە ذی قار، هۆڵی ئوتێلی سۆمەرییون، ڕۆژی ٢٧ی ئابی ٢٠٢٦، بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا خاتوو زەینەب ئەسەدی، میوانداری کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی کرد. هەمان پرسیاری کۆبوونەوەکانی پێشوو دووبارە کرایەوە: چی ڕێگری لە بەشداریی هاووڵاتییان لە کاروباری گشتیدا دەکات؟ چۆن دەکرێت ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دروستکردنی بڕیاردا بەهێز بکرێت؟ کۆبوونەوەکە نوێنەرانی دامەزراوە حکومی و ناوخۆییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، گرووپە خۆبەخشەکان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتی کۆکردەوە بۆ خستنەڕووی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە و تاوتوێکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم بەشداریی کارا.

**چوار کۆبوونەوە و چوار پارێزگا، بەڵام یەک پرسیار دووبارە دەبێتەوە: کێ مافی ئاخاوتنی هەیە کاتێک ئەو بڕیارانە دادەڕێژرێن کە پەیوەندییان بە ژیانیەوە هەیە؟ لە ڕێگەی ئەم کۆبوونەوانەوە، ڕێکخراوی نەجدەی جەماوەری بەردەوامە لە فراوانکردنی مەودای وەڵامەکە تاوەکو هاووڵاتی ئاسایی، ژنان، گەنجان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بگرێتەوە، بەوپێیەی هەموویان شەریکن لە کاروباری گشتیدا نەک تەنها بینەر.**



# "پەروەردەی سەوز" سێ سەکۆی خۆبەخشی لە بەسرە، ئەنبار و نەینەوا دادەمەزرێنێت

لە بەسرەوە بۆ ئەنبار تا دەگاتە نەینەوا، پرۆژەی "پەروەردەی سەوز بۆ خۆڕاگریی کەشوهەوا لە عێراق" لەم مانگەدا بنەمایەکی ڕێکخستنی نوێی بۆ کاری خۆبەخشی دارشت، ئەوەش لە ڕێگەی دامەزراندنی سێ سەکۆی خۆبەخشی پارێزگاکان کە گرووپە خۆبەخشەکان لەژێر یەک چەتری هاوبەشدا کۆدەکاتەوە؛ لە هەنگاوێکدا بۆ گۆڕینی خۆبەخشی لە هەوڵێکی تاکەکەسیی پەرشوبڵاوەوە بۆ کارێکی ڕێکخراو و بەردەوام.

لە ١٩ی ئابی ٢٠٢٦، لە هۆڵی بازنس ئاڤینیو لە بەسرە، دانیشتنی دامەزراندنی سەکۆی بەسرە بەڕێوەچوو، بە ئامانجی بەهێزکردنی بەشداریی ژنان و گەنجان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە کەشوهەوایی و کۆمەڵایەتییەکاندا. دانیشتنەکە تاوتوێی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و کەمیی ئاوی لە پارێزگاکەدا کرد، پێش ئەوەی بە پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆ و هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕیی سەکۆکە کۆتایی بێت.

لە ڕومادی، ڕۆژی ١٨ی ئابی ٢٠٢٦ دوو چالاکیی تەواوکاری کۆکردەوە: سەردانێک بۆ یەکێتی جووتیاران لە ئەنبار بۆ تاوتوێکردنی دامەزراندنی کۆمەڵەیەک لە ژنان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشی کاروباری ژنانی گوندەکاندا، هەروەها دانیشتنێک بۆ دامەزراندنی سەکۆی سەرۆک گرووپە خۆبەخشەکان کە تێیدا سەرۆک، جێگر و بڕیاردەری سەکۆکە هەڵبژێردران و پەیڕەوی ناوخۆشیان بۆ ڕێکخستنی کارەکان پەسەند کرد.

لە بارەگای ڕێکخراوەکە لە مووسڵ، می بەرنامەکان لە هەولێرەوە لەگەڵ گرووپە خۆبەخشەکانی مووسڵ و حەمدانییە کۆبوونەوە بۆ دامەزراندنی "سەکۆی نەینەوای سەوز". کۆبوونەوەکە تاوتوێی ئاستەنگە مەیدانییەکانی بەردەم گرووپە خۆبەخشەکان و پرسیارە گرنگەکانی کەشوهەوای کرد، پێش ئەوەی بە دارشتنی پەیڕەوی ناوخۆ و هەڵبژاردنی سەرۆکی سەکۆکە و جێگر و بڕیاردەرەکەی کۆتایی پێبێت.

**سێ سەکۆ لە سێ پارێزگای جیاوازدا، بەڵام هەڵگری یەک ڕوانگەن: ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا لە ڕێکخستنی ئەوانەوە دەستپێدەکات کە لە مەیدانەکەدا کاردەکەن، هەروەها بەخشینی فەزایەکی سەرکردایەتی ڕاستەقینە بە ژنان و گەنجان بۆ دارشتنی وەڵامدانەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەردەوام بۆ ئەو قەیرانانەی تەنگ بە هەمووان دەچن.**



# تەندروستی مافێکە بە زەوتکردنی ئازادی لەدەست ناچێت:
# خۆبەخشەکانمان لە باو دوو هەڵمەت لە سلێمانی و موسەننا دەکەن




لەو باوەڕەوە کە مافی تەندروستی و چاودێریی پزیشکی بەشێکی بنەڕەتییە لە مافەکانی مرۆڤ و بە زەوتکردنی ئازادی لەدەست ناچێت، خۆبەخشانی ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی (PAO) لە نێوەندی دوو هەڵمەتی تەندروستی و هۆشیاریدا بوون کە لە مانگی ئابدا لە دامەزراوەکانی چاکسازیدا لە پارێزگاکانی سلێمانی و موسەننا جێبەجێ کران، بە هەماهەنگی لەگەڵ تۆڕی دادپەروەری بۆ زیندانیان (JNP) و نوسینگەی دەستەی مافەکانی مرۆڤ.

لە سلێمانی، لە نێوان ٩ بۆ ١٣ی ئابی ٢٠٢٦، هەڵمەتی "هەفتەی تەندروستی" بەڕێوەچوو، کە تێیدا تیمە خۆبەخشەکانی نوسینگەی سلێمانی بڕبڕەی پشتی جێبەجێکردنی مەیدانی بوون، بە هاوکاری لەگەڵ ژمارەیەک لایەنی تەندروستی، دامەزراوە و ڕێکخراوی مەدەنی. خۆبەخشەکان ڕاستەوخۆ گەیشتنە لای زیندانیان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان لە ڕێگەی پشکنین و ڕاوێژی پزیشکی، و هۆشیارکردنەوە لە خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان و مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان، جگە لە چالاکییەکانی پاکوخاوێنی، پاڵپشتیی دەروونی و دابینکردنی پێداویستییە تەندروستییە بنەڕەتییەکان.

لە موسەننا، خۆبەخشانی ڕێکخراوەکە لە ماوەی پێنج ڕۆژدا، لە ٢٣ بۆ ٢٧ی ئابی ٢٠٢٦، ئەزموونێکی هاوشێوەیان لە ناو زیندانی ناوەندیی سەماوەدا تاقیکردەوە، بە هەماهەنگی لەگەڵ تۆڕی دادپەروەری بۆ زیندانیان و نوسینگەی دەستەی مافەکانی مرۆڤ لە پارێزگاکە. بەشداریی خۆبەخشەکان تەنها لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستیدا کورتهێنانی نەهێنا، بەڵکو پاڵپشتیکردنی پاکوخاوێنیی کەسیی، پاڵپشتیی دەروونیی ڕاستەوخۆ بۆ زیندانیان، ڕێکخستنی چالاکیی ڕۆشنبیری و خۆشگوزەرانی، و دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانیانیشی گرتەوە.




**لە هەردوو پارێزگاکەدا، ئامادەیی مەیدانیی خۆبەخشەکان ئەرکە یاسایی و مافپەروەرییەکەی لە بنەمایەکی تیۆرییەوە گۆڕی بۆ واقیعێکی بەرجەستەکراو لە ناو شوورەکانی دامەزراوەکانی چاکسازیدا؛ بەمەش جەختیان کردەوە کە پاراستنی مافی زیندانیان و مسۆگەرکردنی دەستڕاگەیشتنیان بە چاودێریی تەندروستیی شایستە و بێ جیاوازی، بەرپرسیارێتییەکە لە کاری خۆبەخشیی ڕاستەوخۆوە دەستپێدەکات و ڕۆژانە ڕەنگدەداتەوە.**